Revolutionareis Union of Kurdistan

# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

مهاباد

## خۆپیشاندان و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵک و هێزەکانی ڕێژیم

نزیکەی سەعات 9 ی شەوی رابردوو، لە گەڕەکی باغی شایەگانی شارستانی مهاباد، خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو. خۆپیشاندەران کە زۆربەیان لاوانی گەڕەکەکانی پشت تەپ و باغی شایەگان بوون، لە دژی رێژیم و دام و دەزگاکانی دروشمیان دا و سرودی نەتەوەییان خوێند.

دوابەدوای بەرپابوونی خۆپیشاندانەکە، دەیان کەس لە هێزەکانی ئینتیزامی دامەزراو لە پاسگای ژمارە 13 بۆ سەرکوت و بڵاوەپێکردنی خەڵکەکە، رژانە ئەو گەڕەکانەوە. لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی رێژیمدا تێکهەڵچوون رووی دا. خۆپیشاندەرانی تووڕە، بە هاویشتنی بەرد و لەتەخشت بەرگرییان لە خۆیان کرد.

ئەو خۆپیشاندانە کاتێ ساز بوو کە، کاربەدەستانی رێژیم لە بە هاناوە چوونی خێرایماڵێک کە ئاگری لێکەتبووەوە خۆیان بوارد.

لە کاتی تێکهەڵچوونی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی رێژیمدا، ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران قۆڵبەست کراون و رەوانەی زیندان کراون.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

19/ڕێبەندانی/2705

8/فێورییەی/2006

www.ruk2691.com

www.rukusa.com

Email: ruk2691@yahoo.com کوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-492-3235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

HEWLER: TEL:2226682 - Mobil: 4480467

SILEMANI: TEL: 3189462 Mobil: 07702540203